ئەی خەڵکینە، تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن، من لە ڕۆژێکدا سەد جار تەوبە دەکەم

لە ئەغەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو، دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «ئەی خەڵکینە، تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن، من لە ڕۆژێکدا سەد جار تەوبە دەکەم».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمان بە خەڵکی دەکات بەوەی زۆر تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن، وسەبارەت بە نەفسی خۆی ڕایدەگەیەنێت کە ئەو هەموو ڕۆژێك زیاتر لە سوت جار ئیستغفار دەکات وبەتەوبە کردن دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری -سبحانه وتعالى-، لەکاتێکدا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشوو وداهاتووی خۆشبووە، ئەمە ئاماژەیە بۆ کاملّی زەلیلی وبەندایەتی ئەو بۆ پەروەردگار -جل وعلا-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4809